

# ئەمڕۆ دووەم ڕۆژی کۆنسێرتی هونەرمەند ماهیر بەڕێوەدەچێت

کۆمپنیای چوارچرا بۆ بەرهەمهێنانی هونەری کۆنسێرتێکی گۆرانیو میوزیك بۆ هونەرمەند (ماهیر) سازکرد ئەمەو دوێنێ سێ شەممە یەکەم ڕۆژی کونسێرتەکە دەستی پێکرد لەهۆڵی (گەل) لە شاری هەولێر بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر هونەردۆستو هونەرمەندانو عاشقانی دەنگە بەسۆزەکەی ماهیر ئامادەی کۆنسێرتەکە ببوون. شایاتی باسە وا بڕیارە ئەمڕۆ چوارشەممە بۆ ڕۆژی دووەم کۆنسێرتەکە بەردەوام بێت.




عەلی دەرویش

## خانەقین یەکەمین فیستیڤاڵی هونەری لە ئامێز دەگرێت

# بەخشینی گڕوتینی بە هونەرو شانۆی گەرمیان



لە ڕۆژانی 12-2004/12/14 لە شاری خانەقینی ئازاد یەکەمین فیستیڤاڵی هونەری ئەنجامدرا بە بەشداری تیپە هونەری شارۆچکەکانی (کەلار، خانەقین، کفری، دوز، دەربەندیخان، چەمچەماڵ) شایانی باسە کردنەوەی پێشانگاکە نمایشی شانۆییو سازدانی ئاهەنگی مۆسیقاو گۆرانی پرۆگرامی ڕۆژانەی فیستیڤاڵ بوونو هەروەها لە کۆتایی فیستیڤاڵدا خەڵاتی لیژنەی دادوەران ئاشکرا کران.

⋆خەڵاتی باشترین دەرهێنەر بۆ (حەسەن حەمەساڵح) لە دەربەندیخان.

⋆خەڵاتی سینۆگرافیا بۆ (تالیب عەبدولکەرین) لە چەمچەماڵ.

⋆خەڵاتی هاندانو پشتگیری بۆ ئەکتەری کوڕ بە هاوبەشی بۆ: ئاراس ڕەحمان.

⋆لە دەربەندیخانو محەمەد ڕزگاری لە (کفری) کامەران ڕەحمان (کەرلار).

⋆خەڵاتی هاندانو پشتگیری بۆ ئەکتەری کچ بە هاوبەشی بۆ: ئاشنا عارف (دەربەندیخان). زانست سەلام (دەربەندیخان) مەریەم حەمە ساڵح (دوز خورماتوو)..

⋆خەڵاتی ڕێزلێنانو پشتگیری بۆ (نەقینو دوزخورماتوو) بۆ یەکەمین جار بەشداری کرنیان لەم فیستیڤاڵەدا.

⋆دواتریش ناوی لیژنەی دادوەران لەم فیستڤاڵەدا ئاشکرا کرا.




-مامۆستایەك لە قوتابخانەی ئێواخرانی بنەسڵاوە ئەوە دوو ساڵە قوتابی دەداتە بەر شەقو تۆپ تۆپێنەیان پێدەکات بەبێ ئەوەی مامۆستا (س) مامۆستای وەرزشی بێت!

-هەر بابایەو لە قەڵادزێ لەناو حەوشەی ماڵەکەی خۆی بیری ئیرتیوازی لێدەدات، کە پێیان دەڵێی بابە ئەمە سەروەتی گشتیو نیشتمانییە دەڵێن: بە 48سەعات یەك سەعات ئاو یەکسانە بە لێدانی بیرێکی نیشتمانی بۆ تاکێکی جاویدانی!

-لەوەتەی قەیرانی بەنزین سەریهەڵداوە کارەبا ووردە ووردە خۆمان پیشان دەدات، شەقامەکان فراوان بوونو ویژدانی شوفێرەکانیش ووردە ووردە خۆیان دەشارنەوە!

-یارمەتیدانی یاریگەی ئازادی کەرکوك لەلایەن هەردوو حزبی دەسەڵاتدارەوە بەستراوەتەوە بە گۆڕینی ناوی ئەم یاریگاییە، برام نا، ناوی دێنێ بۆگۆڕینی ناوی گەڕەکە بەعەرەبکراوەکانیش (دڵو قودس) غیرە دەجولێنێ!.

-بەش پانتاییەکی بەرفراوانی لەم کۆمەڵگایە داگیرکردووە ئەوەتا هەر حزبەو بەشی خۆی لە لیستی هاوبەشدا بردوو پزیشکە بەتواناو بەوویژدانەکانی شەقامی پزیشکانیش بەشی خۆیان لەناو سۆنارو تاقیگەو دەرمانخانەکاندا بۆ دیاری کراوە، بۆیە دەڵێین تا (بەش بمێنێ ویژدان عاجباتیان دەبینێ)!.

# نێچیری هەفتە

عەلی مەحمود

Alimahmud2001@yahoo.com

-کۆنفرانسێك بۆ یەکخستنی ڕێکخراوەکانی دژ بە کورد کوژی لە شاری کەرکوك ڕێکخرا، ئەوەی بەرپرس بوو لە دەرگەوانی مەسئولەکانەوە بۆ سەردەستەی حیمایەکان، لە سیاسییە عەیار 24ەکانەوە بۆ نەخوێنەوارەکان، هیچی ئامادە نەبوو، پارتییەکان لەبەر وێنەکەی شەهید سیروان تاڵەبانی، یەکێتییەکان لەبەر خەمیسو جومعە ماڵی بەرپرسان هەموو لە سلێمانییە، حیزبەکانی کەش لە بێخەبەری، ڕەخنەش لە کەمی کورسییەکانیان دەگرن؟!.

-یەکێك لە نوێنەرانی گەلی کورد لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك جەربەزانە یەکەم ئۆتۆمبێلی عەلوجی نیسانی گەیاندە کوردستان، یەکی کە مافناسە، کەچی شەهادەی تەزویری کۆلێژی یاسای بۆ خێزانە دەرنەچووەکەی سێی ناوەندی دروست کردووە، قوڕمان بەسەر بۆ ئەوانی کە، بۆیە هەر دەبێت لۆ لۆو لێ لێ کەرکوك گاز کەین، ئاخوا لە داهاتوودا دەبێت چ عاجباتی گەلێکی کە ببنە نوێنەری شارەکەم؟!.

-مام ڕ پیاوێکی پیری کۆییە، لە قۆناغی سەنگەر فرۆشتنا بەرامبەر بە پارەی زیاتر وەك دەیان هەزار تێکۆشەری دیکە کە لە هەفتەیەکدا سەنگەرەکانییان بە چەند هەزار دینارێك فرۆشت، ئەویش سەنگەری خەباتی سیاسی دەیان ساڵەی خۆی گواستەوە بۆ ناو لایەنە نەیارەکەی دوێنێی، ئێستا لە حیزبە کۆنەکەی مانگانەکەی لەدەست داوە تازەکەش پێی پێدەکەنیو پێی دەڵێ ڕێك کەوتووین لیستمان هاوبەشە، دەنگ کڕین تەواو، هەڵبژاردن نەبێت لەم دەڤەرە مرۆڤ قڕانێك ناکات!

-پارتی یەکێتی سۆشیالیستی مەغریبیو پارتی سەربەخۆی مەغریبی وەرزش هاوپەیمانییەتی 14 ساڵ پێکەوە دەسەڵاتداریەتییانی سوتاند، لە کوردستان بڕیار وایە لیستی هاوبەش هەبێت، کەچی دوو پارتە دەسەڵاتدارەکە هەریەکەی یەك دوو کلکیان لە دەرەوە بۆ گییان یەکتر هێشتۆتەوەو لەسەر هەڵبژاردنی پارێزگاش ڕێك نەکەوتوون، لە وڵاتان وەرزش هاوپەیمانییەتی تێك بدات لە کوردستان قۆپییەکردنو کلك قیت کردنەوە حەڵاڵە.

-بە بەرپرسێکم وت: ئەو هەموو فەوجەتان دروست کرد پاش ڕێککەوتنەکە چی لێ دەکەن؟ وتی: درۆمان لەگەڵییان نەکردووە بانگیان دەکەین بۆ مەشق، پیرەکان ناتوانن، قوتابییەکان دەگەڕێنەوە قوتابخانە، گەنجەکانیش بە 90000 ڕازی نابن، بەو شێوەیە لە هەموویان ڕزگارمان دەبێت، کوردیش زاکیرەی لاوازە بۆ ساڵێکی کە هیچی لەبیر نامێنێت.

## ستایل


ستایل
2004/12/15
ئەسکەندەر عوسمان
ڕەنگرێژی جوانیە

ستایل پڕ بە ناسنامەی خۆیەتی (سێبەرێکی دیکەی درەختی جاویدانی ئەدەبو ڕۆشنبیری کوردیە) نوخبەی ڕۆشنبیریو شاعیرە هەرە دیارەکانی هەولێر لە دەوروبەری ئەم ئاگردانە کۆبوونەتەوەو بە وشەو وزەی ئەدەبی وردە وردە گڕی ئاگری ئەم ئاگردانە خۆش دەکەنو دەستو پێی تەزووی ئێمەی بێ وەگۆ دەهێننەوە، دەست خۆشی بۆ ئەوانەی کە لە شیلەی ڕۆحو وزەی عەقڵی خۆیان (ستایل)یان بەرهەم هێنا.

## لەتیفە ڕەخنە لە هونەرمەندانی عێراق دەگرێت



ئافرەتە هونەرمەندی عەرەبی تونسی لەتیفە زۆر بە توندی ڕەخنەی لە گۆرانی بێژە عێراقییەکان گرت تیرو توانجی زۆریشی لێدان بەوە تۆمەتباریان دەکات کە گۆرانیەکی نیشتمانیان نەچڕیوە دژ بە داگیرکەر کە ئێستا عێراق داگیرکراوە ئەوەی گوێی لەم قسانە بێت ڕەنگە بڵێت لەتیفە هەست بە نیگەرانیو دڵتەنگی کردبێت لەوەی کە ئێستا لەسەرخاکی عێراق ڕوو دەدات بەڵام لەتیفە باس لە لایەنی دووەمی نەکردووە کە ئاخۆ ئەم گۆرانی بێژە عێراقیانە گۆرانی بۆ کێ بڵێت بۆ ئەوانەی بێ گوناحن سەردەبڕێن لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان نیشانی خەڵکی دەدەن،یان بۆ ئەوانەی ئۆتۆمبێلی مەرگ دەتەقێننەوە، بە هەزاران خەڵکی بێ تاوان بەردەکەوێت یان ئەوانەی ڕۆژانە پلان دادەڕێژن بۆ ئەوەی هەڵبژاردن ئەنجام نەدرێت.

دوای 14 ساڵ

## خەڵاتەکەیان لێستاندەوە

پەیامنێر

بەر لە 14 ساڵ دامەزراوێکی ئیماراتی بە ناوی دامەزراوی (العویس)ی ڕۆشنبیری خەڵاتێکی پێشکەش بە شاعیری ناسراوی عێراقی سەعدی یوسف کردووە. ڕوژنامەی شەرقولئەوسەتی لەندەنی ڕایگەیاند کەوا لەم دواییەدا بە بۆنەی کۆچی دوایی شێخ زایدی میری ئیمارات ئەو شاعیرە وتارێکی نووسیوەو کەمێك تیرو توانجی لە سەرۆکی ئیمارات داوە، لە بەرامبەر ئەو وتارەدا دامەزراوەکە خەڵاتەکەی لەم شاعیرە وەرگرتۆتەوە کە نرخی 500 هەزار دۆلارە.



Concessioner: Kamal Shakir
Editor- in- Chief:Shapol Fathi Kareem
ڕێگای کوردستان
Regay_Kurdistan@kurdistancp.org
Regay_kurdistan@hotmail.com
No: 623
Date:22 /12/2004
Tel:
2224286 -2220536